# لۆژیکی تیرۆر

**عەبدولسەلام بنعەبدولعالی**

**و: کامیل محەمەد قەرەداغی**

وادیارە ئەوە کارێکی ئاڵۆزیکی دەبێت، بێیت باس لە لۆژیکی تیرۆر بکەیت، لەبەرئەوەی کە تیرۆر بەبێ ئەوەی ڕکەبەرێکی تری هەبێت خۆی بەتەنها بواری ئاڵۆزیکی و ناپەسەندییە.ئەوەتا کردەوەکانی لەوەناچێت بەپێی هیچ لۆژیکێك بێت، یان ئاماجێکی کردبێت بە مەبەست. بۆ خۆیشی بەهانەیەکی بەدەستەوەنییە:نە لەسەرئەوەی لەچییەوە لەدایك دەبێت و نەلەسەر ئەوەش کە چیی دەوێت.چونکە بەهیچ شێوەیەك ناکرێت کوشتنی خەڵکانی بێتاوان بەهانەی هەبێت، یان ببێتە بەهانە بۆ شتی تر، مەگەر تەنها لەوکاتەدا کە مەبەستەکە هەر خودی خەڵەلەکە:یان ئاماقوولەکەبێ: یان لێداتی(سیستمی) شتەکان و خوودی ئاوەز بێت.لەکاتێکدا لەوانەیە تۆ لەتیرۆر تێبگەیت، بەڵام ئەو لەتۆ تێنەگات.

لەهەوڵدا بۆ گەیشتنی بەو تێگەشتنە وابزانم پێویست دەبێت تیرۆر تێکەڵی ئەو فۆڕمی بەرهەڵستکارییانە نەکەین کە مێژووی هاوچەرخ بەخۆیەوەی بینیووە، بەتایبەتیش ئەو خەباتانەی کە بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی دژی ئیستعماری سیاسییان پێدەناسرێتەوە.چونکە سەرباری ئەوەی کە ئەو خەباتانە ڕووانینێکیان بۆ مێژوو و بۆ مرۆڤ هەیە و ئەو ڕوانینە دەبێتە بەهانەی کارکردنەکان و ماناشیان پێدەبەخشێت، دەبینین تیرۆر بەشێوەیەکی بنەڕەتی گرێدەدرێت بەوشتە نوێیانەوە کە لەژیانی هاوچەرخی خۆماندا دێنە ئاراوە، بەتایبەتییش گەشەسەندنی ڕاگەیاندن.

لەناو ئەوشتانەدا کە خاتوو(فلۆرەنس ئۆبنان) ژنە فەرەنسییە ڕفێنراوەکە لەپاش ئازادبوونیەوە بەشێوەیەکی گاڵتەجارانە گێڕایەوە:باس لەوەدەکات کە ئەو ڕۆژەی ڕاگەیاندنی فەرەنسی لەسەر سکرینی تەلەفزیۆنەکان و بەتایبەتیش لە کەناڵی نێودەوڵەتیی(بۆ TV)ەوە وێنەی ئەو و حەسەنی هاوڕێیان بلاوکردۆتەوە، ڕفێنەرەکانی چوون سوپاسیان کردووە، لەبەرئەوەی چالاکییەکەیان سەری گرتووە و مەبەستەکەی خۆیی پێکاوە، مەبەستەکەش بریتییە لە دەرکەوتنی ڕفێنراوەکە لەسەر سکرینی تەلەفزیۆنەکان.

ناکرێ هەر تەنها لەلایەنی پڕوپاگەندکارییەوە بڕوانینە ئەم پێکەوەگرێدانەی نێوانی کردەتیرۆرستییەکان و ڕاگەیاندن، چونکە ئەم کردە تیرۆرستییانە هەرئەوەنییە بۆ پڕوپاگەندە پشت بە ڕاگەیاندن ببەستن، بەڵکوچۆن سەرچاوەکانی هەموو شێوەکانی ووزە ئامرازی جەنگەباوەکانی تر پێکدەهێنێت، ئاواش ڕاگەیاندن ئامرازیی سەرەکیی ئەوانە. تا سنورێك کە دەکرێ بڵێین گەر ڕاگەیاندن لەئارادا نەبوایە، ئەوکاتە ئەو کردەوانەش مانایەکیان نەدەبوو، وبگرە لەوانەش بوو کردەوەی لەوشێوەیە هەر نەهاتایەتە ئاراوە.

لەوانەیە ئەمە شیکردنەوەبێت بۆئەوەی کە ئاماجی ئەم کردەوانە ناکەوێتە دەرەوەی خۆیان . بەڵکو وەك ئەوە وایە کە بۆئەوەڕوودەدات کە لەسەر تەلەفزیۆن دەربکەوێت، بۆئەوە ڕوودەدات کە ڕووبدات، بۆ خۆی ڕووبدات و بەس.پێشتر (فێریلیۆ) ئەوەی پیشانداوە کە سەرباری ئەو ڕووکارە ئاینییەی کە بە کردەوەی تیرۆرستانەوە لکێنراوە، لەئەنجامدانەکانیاندا هیچ مەبەستێکیان نییە و داوای هیچ شتێکیش ناکەن، تەنها کۆتاییپێهاتنێك نەبێت، بە کۆتاییهاتنی خۆشیانەوە.

بەم مانایە ڕەنگە ڕاست نەبێت باس لەبوونی ئایدیۆلۆژیایەك لەپشتی ئەم کردەوانەوە بکەین،لەبەرئەوەی ئایدیۆلۆژیا لەڕاستیدا تێگەیشتنێکی دیاریکراوە لە لۆژیکی مێژو و پێشبینیکردنێکی ئاماجەکەیەتی و پلاندانانێکیشە بۆ پالپێوەنان و جووڵاندنی، بەڵام کەسی تیرۆرست ئەمانە هیچی ناکات، ئەو نە مێژوو دروستدەکات و نە ڕووداوەکانیشی، بەڵکو دەبێتە هۆی تووڕچ پێدانی.

لەوانەیە هەموو ئاماجەکەی بریتی بێت لە بەرپاکردنی ئەم تووڕچداتانە و شێواندنی سیستمی شتەکان و لۆژیکی مێژوو، یان هەر لۆژیکەکەی هیچی تر، بۆئەوەی وامان لێبکات لەبارێکی نائاسایی بەردەوامدا بژین: لە چاوەڕوانیی جاردانی کارێکی تری تیرۆرستانەی ئەودا کە یان کاتەکەی دوادەکەوێت، یان شوێنەکەی دەگۆڕێت.

سەرچاوە:

منطق الإرهاب/ عبدالسلام بنعبدالعالي / الحياة / (٢٠٠٥/٧/١٧).